هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی نێرداوان و پەیوەندییە رۆشنبیرییەکان
بەڕێوبەرایەتی پەیوەندییەکان

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
General Directorate of Scholarships and Cultural Relations
Directorate of Relations

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة البعثات والعلاقات الثقافية
مديرية العلاقات

3

Ref.: ژمارە: ٥٨٥٤
Date: / /2020 ڕێکەوت: ١٧/ ٧ /٢٠٢٠ی زایینی
ڕێکەوت: ١٦/ ٤ /٢٧٢٠ی کوردی

Ministry of Higher Education and Scientific Research

## فەرمانی وەزاری

پاڵپشت بە کۆنوسی کۆبوونەوەی ژمارە (٧)ی ئەنجومەنی وەزارەت کە لە رێککەوتی ٢٠٢٠/٥/١٨ ئەنجام درا، لە بەر بارودۆخی تەندروستی و راگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ لە ماوەی ڕابردوو بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (COVID- 19)، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیار درا بە:-

1 . ئەو قوتابی و خوێندکارانەی دەرەوەی وولات (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا) کە نەگەراونەتەوە هەرێمی کوردستان، وە دەوامی زانکۆکانیان وەستاوە بەڵام بە شێوەی (ONLINE) بەردەوامن لە خوێندن، ئەوا بە هەمان شێوازی خوێندنی ئاسایی ماوەی خوێندنی (ONLINE)ەکەیان و بڕوانامەکانیان بۆ هەژمار دەکرێت. واتا ئەو ماوەیەی کە لە دەرەوەی هەرێم بە شێوازی (ONLINE) بەردەوام بوون لە خوێندن وەک ئەوە وایە کە نیشتەجێی (اقامة) وولاتی خانەخوێ بووبن.

2 . ئەو قوتابی و خوێندکارانەی دەرەوەی وولات (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا) کە گەراونەتەوە هەرێمی کوردستان، وە دەوامی زانکۆکانیان وەستاوە بەلام بە شێوەی (ONLINE) بەردەوامن لە خوێندن، ئەوا بە هەمان شێوازی خوێندنی ئاسایی ماوەی خوێندنی (ONLINE)ەکەیان و بڕوانامەکانیان بۆ هەژمار دەکرێت. واتا ئەو ماوەیەی کە لە هەرێمی کوردستان بە شێوازی (ONLINE) بەردەوام بوون لە خوێندن وەک ئەوە وایە کە نیشتەجێی (اقامة) وولاتی خانەخوێ بووبن.

3 . ئەو قوتابی و خوێندکارانەی دەرەوەی وولات (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا) کە گەڕاونەتەوە هەرێمی کوردستان، وە زانکۆکانیان شێوازی خوێندنی(ONLINE) پەیرەو ناکات، ئەوا ماوەی مانەوەیان لە هەرێمی کوردستان تا ئەو کاتەی کە دەست بە پرۆسەی خوێندن دەکەنەوە (راستەوخۆ یا بە شێوازی (ONLINE) بۆیان قەرەبوو دەکرێتەوە، واتا بۆیان بە مۆڵەتی خوێندن هەژمار دەکرێت بە مەرجێک تەواوی بەڵگەنامەی پێویست پێشکەش بە وەزارەتەکەمان بکرێت.

Hadi Chawshly Street, Kirkuk Road, Erbil 44001,
Kurdistan Region, Iraq
Phone: +964(0)662562694
www.mhe-krg.org
Email:Relations.directorate@mhe-krg.org
هەرێمی کوردستان- هەولێر، رێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی
بگۆری وەزارەت: (٠٦٦٢٢٩٦٧٦٨--٠٧٥٠١٤٤١٧٦٨)

Ref.: ژمارە: 05104

Date: / /2020 ڕێكەوت: 7 / 7 /٢٠٢٠ی زایینی

ڕێكەوت: 16 / 4 /٢٧٢٠ی كوردی

Ministry of Higher Education and Scientific Research

4 . ئەو قوتابی و خوێندکارانەی دەرەوەی وولات (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا) کە لەبەر هەر هۆیەک بێت نە گەڕاونەتەوە هەرێمی کوردستان، وە زانکۆکانیان شێوازی خوێندنی(ONLINE) پەیڕەو ناکات، ئەوا ماوەی مانەوەیان لە وولاتی خانەخوێ تا ئەو کاتەی کە دەست بە پرۆسەی خوێندن دەکەنەوە (ڕاستەوخۆ یا بە شێوازی (ONLINE) بۆیان قەرەبوو دەکرێتەوە، واتا بۆیان بە مۆڵەتی خوێندن هەژمار دەکرێت بە مەرجێک تەواوی بەڵگەنامەی پێویست پێشکەش بە وەزارەتەکەمان بکرێت.

5 . سەبارەت بەم قوتابی و خوێندکارانەی کە مۆڵەتی خوێندنیان وەرگرتووە بەڵام دەستیان بە پرۆسەی خوێندن نەکردووە، ناکرێت بە شێوازی (ONLINE) دەست بە خوێندن بکەن.

6 . ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە مۆڵەتی خوێندنیان تەواو بووە و بەڵام خوێندنەکەیان تەواو نەکردووە، ئەوا پێویستە داوای درێژکردنەوەی مۆڵەتی خوێندن بکەن بە هەمان ڕێکاری پێشوو کە لە درێژکردنەوەی مۆڵەتی خوێندن بۆ قوتابی و خوێندکارانی دەرەوەی وولات پەیڕەو دەکرا.

7 . قوتابیان و خوێندکارانی خۆشەویست ئاگادار دەکەینەوە کە وەزارەتەکەمان تەواوی ئاسانکاری بە لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستا پێشکەش بە بەڕێزیان دەکات بەڵام دوای پێشکەشکردنی دۆکیومێنتی پێویست تایبەت بە پرۆسەی خوێندن و هەڵپەساردنی لە لایەن زانکۆی خانەخوێ.

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ:-

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.....
- نووسینگەی بەڕێز برێکاری وەزارەت/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا....
- وەزارەتی پلاندانان/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا....
- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا....
- بۆ سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومی و ئەهلیەکانی هەرێمی کوردستان/ نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا..
- فەرمانگەی کارگێری و دارایی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا...
- فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا....
- بەڕێوەبەرایەتی نێردراوان/ لەگەڵ گشت بەراییەکان
- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا....
- دەرچوو